سەيد حەكيم: پاراستنی سەروەری عێراق و ڕادەستکردنی چەك بەدەستی حەشدی شەعبی هێزی دەوڵەت تۆکمە دەكات



بەڕێز سەماحەتی سەيد حەكيم سەرۆكی هاوپەيمانێتی هێزە نيشتمانييەكانی دەوڵەت پێشوازی لە بەڕێز عەلی زەيدی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيرانی عێراق كرد و لەم ديدارە باس لە پێشهاتە سياسييەكانی عێراق و ناوچەكە و ئەو ڕكا بەريیانە كرا كە لەم قۆناغە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، سەماحەتی ستايشی ئەو ئەركەی كرد كە لە پێناو پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بۆ هاولاتيان و ئيدارەی ولات بەم دۆخە داراييە سەختە پێشكەش دەكرێت، داواشی كرد بە يەكگری و خۆڕاگری ڕووبەڕووی ئاستەنگەكان ببنەوە.

بەڕێزيان جەختی لە گرنگی تەواوكردنی كابينەی حكومەت كردەوە، هەروەها داوای دياريكردنی وەزيرە لێهاتووەكانی كرد كە توانای چارەسەركردنی ئەو ئاستەنگە كارگێڕی و دارايیانەی هەبێت كە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، هەروەها داوای لە پارتە سياسييەكان كرد كە هەڵبژاردنەكانيان سەبارەت بە پۆستە وەزارييە تەرخانكراوەكانيان كۆتايی پێبهێنن.

بەڕێز سەيد حەكيم پشتيوانی خۆی بۆ قۆرخكاری دەوڵەت لە بەكارهێنانی هێز دووپاتكردەوە و بانگەشەی بۆ گفتوگۆ و لێكتێگەيشتن وەك ڕێگايەك بۆ بەديهێنانی ئەمە خستەڕوو، هەروەها ستايشی □□□□ی كوتلە چەكدارەكانی كرد لە بەرەنگاربوونەوەی تيرۆر و گەڕاندنەوەی دەوڵەت و جەختی لە گرنگی پاراستنی سەروەری نيشتمانی و گواستنەوەی چەك بۆ هێزەكانی حەشدی شەعبی(PMF) كردەوە، كە وەك دامەزراوەيەكی ئەمنی فەرمی لە ژێر فەرماندەيی فەرماندەی گشتيدا يە.

. لەكۆتاييدا سەماحەتی ستايشی هەنگاوەكانی حكومەتی كرد بۆ پەسەندكردنی بودجەيەكی بنەمادار و بە بەرنامە لە قۆناغی داهاتوودا، هەروەها جەختی لەسەر گرنگی بە ئاماندجگرتنی پرسەكان بەپێی گرنگ و پێشينەكان كردەوە، هەروەها داوای وەبەرهێنانی لەم قۆناغەدا كرد بۆ هەمەچەشنكردنی ئابووری و دووركرد□وتنەوە لە دەوڵەتی تاك داهات، هەروەها هەمەچەشنكردنی شوێنەكانی هەناردەكردنی نەوتی عێراق ل□□□□گ□ی تۆڕێكی بۆرييەوە كە بەرەو دەريای ناوەڕاست و دەريای سوور ڕێچكە دەگرێت.